## کێر کە هەستا

کێر کە هەسـتا  نە لە بێـگانە دەپرسێ نە لە خوێش
گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ  چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی، هێـند بە کونی تەنگا چـووە
سەروچاوی هەموو زامدارە، پەراسووی هەموو ڕێش
تا ملی غـەرقە  لە چـەرما، وەکـوو  سیواکی مەلا
پرچی  ئەفشـانە لەسـەر پشـتی ملی وەک دەروێش
پـالـەوانـێکی  قـەوی  قـۆڵە  لــە  مـیل  بـازیـدا
مەحـکەمە  ڕیشـەو  و بێخی وەکو شـاخی گامێـش

## کەشوفش کردنی بەگ

لە بەگ وا بوو کـە من ماتم کشـی کـرد    کە من هەستام و ئەو داماو فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گون بوو گەهێ کێر    حەقیقەت مستەفا بەگ گەردشی کرد
دەبـوو باوکی سـەگی ناو نایـە  ئەمما    بەگی ناونا قورمساغ یاغنیشی کرد

## بۆ مەستی ئەفەندی

دەسـتێکی هەیە (مەسـتی) ئەفـەنـدی لە کـەرەمدا
میهـمانی عـەزیـزی هـەیە دائـیم لــە حـەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشـفیقە دەرحەق بە غەریبـان
سـەد گانی بـە ڕۆم داوو، هـەزاری بە عەجـەم دا
هێـند کـێری هەتیـوانی بـە کـوزدا  چووە  داکی
دەسـتێکی  شـکابوو  بـە  منـاڵی  لــە  شـکەمدا
بەر زەربـەتی کام کـێری قـەوی کەوتـووە ئاخۆ
بەو دەردە چـووە سـاعیدی (مەستی) لە ڕەحەمدا
حەققا کە (مەجـیدی) کـوڕی زۆر تەبـعی جەوادە
سـەد گانی بە یەک لەحـزە بە بێ پوول و درەم دا
گـەووادو تـەرەس، مولحیدو بێ دین و مونافـیق
مورتـەددە، نییە میسـلی لە مسـقۆف و عەجەمدا
بۆ سـەد ڕەهی (مەسـتی) وەکو تەپـڵی سکەندەر
ئـاوازی دەهـۆڵی  کـوزی  داکی  لــە  حـەرەمـدا
ئەو کـێرە زلـەی کێ بوو  لە کێـلانی فەتاح بەگ
مشـتێکی  کوتـایە کـوزی،  مشـتێکی لـە دەم دا

# بۆ مودیری قزڵجە

لە تەرەف کێرەوە بەریدی سەبا　　بۆ مودیری قزڵجە نامە دەبا
بۆ جەنابی موقەڕڕەبوولخاقان　　میر عەلی بەگ، لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم، ئایا چلۆنە عیلەتەکەت　　باز بە خارشتە بن گونت عەجەبا
ئیحتیاجت بنووسە، عەیبی چییە؟　　مەحرەمی ڕازی تۆم بە عەهدی سەبا
سەد تڕت دا بە کوودەکی لە گونم　　ئەی تڕت ڕەعدو وەی تست ڕەشەبا
دوودمانتان چرووکە بونیادی　　( بو قباحت بنم د گل هە بەبا )
عەبدوڕڕەحمان بەگی برات فەرمووی　　کە عەلی بەگ بووە بە دێڵەبەبا
خاڵە کوێرەش بە سەراحەت ئەی گوت　　هازیهی ئیرسکم ئەخەن وە ئەبا)
لە ئەبانت ئیبا مەکە میرم　　ئابڕووی خانەدان عەلی دەیبا
گەر بەداری قزڵجە تێرناخۆی　　وەرە با شێخ ڕەزا بە ڕەشتا با

## چوارینەکان

هەروەکوو ئەشکم بە ڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز
داستانی شاهنامەی خوسرەوو شیرینە کوز
ئینشیقاقی هەر وەکوو کاڵەک لەبەر شیرینە کوز
هەر کەسێ نەی چەشتبێ نازانێ چەند شیرینە کوز

*****

شۆخێ بە ئینابەت چووە لای زوهد فرۆش
بۆ ئەخزی تەریقەت بە دڵی پڕ لە خرۆش
خۆش هاتە جەواب و ووتی حەقتە وەلێ من
ساڵێکە فرۆشتوومە ئیمانم بە قرۆش

*****

کەسێ بیبێ حەیاوو شەرم و ناموس
ئەبەد ناکا ڕەفیقیی تاقمی لووس
ئەگەر سەد ساڵ بدەی ڕەنج و نەیانگێ
قسەی وات پێ دەڵێن خاریج لە قامووس

*****

گەرچی فەقیرو موفلیسە شێخ مامە ساڵحم
نەم دی کەسێ وەکوو ئەو ساحیبی کەرەم
میوانی بووم، نان و کەرەیی نایە بەردەمم
ئێستاش بە بێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

*****

جەنگ گاهی جوکل و مەحموود بـەگ شـــــیروانە بوو
ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شـێر وانە بوو
وەختێ قاسید هات و لێم پرسی، چلۆن بـوو ئەم شەڕە؟
وردە-وردە بۆی بەیان کردم کەچی شـــیڕ وانە بوو
*****
نابە کـاری وەکـوو ئـەم جـووتە لـەعینە لێرە
نەبـووە قـەت ئەمـە مـوددێـکی مـەدیـدو دێرە
ئەو بە تڕ گوێز ئەشکێنێت و ئەمیش قنگ ئەدڕێ
هەردوو عاسـین لە خودا: کێری من و ئەم کوێرە
*****
تۆکە خۆت مەیلی جنێو بازی دەکەی شێخ سالّح !
بۆ دەکـەی سـەرزەنشی مـن کە ڕەزا هەججـاوە؟
غایـەتی بەنـدە جنـێوم بەدوو سـێ کەس داوە
تۆ هەتا ئێستا بە قوربـــــان، بە هەزارت داوە
*****
بە ڕەمز قسەم پێ دەڵێ بەگی جـــــــافان
بزن قنگی نەخورێ چی دەوێ لە نانی شـوان
بە کێـری گـەورە ،بەرم لە مقـعەدت تـا بـن
ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت تڕت دەبێت دووان
*****
شـێخ ڕەزا پـیر بـووە ڕووی مـەجلیسی یارانی نـییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شـــــــارانی نییە
دەس بە گۆچان دەگەڕێ، ئێسـتە لەبەر زەعفی وجوود
مـەتـرەقـە سـەر زلـەکـەی قـووەتی جـارانی نـییە
*****
پیر کە کۆکی و نەترِی دوورە لە مردن هێشـتا
وردە ئاهەنگی دووای کۆکە نیشانەی ئەجـەلە
پیر کە کۆکی و تـڕی دەنگی وەکـوو بارەزەلە
شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە
گەرچی ڕیشم چەرمگ و دندانەکـانیشم کـەلە